به ناوی کوردستانی گەورە !

# کاتێ دڕو گوڵچین دەکەین،داڵمیشمان لێ دەبێ بە بوبلبول !

ح. س. سۆران

لە کوردستانی زەنوێر ، نەک بلێی خەڵکەکەی گوڵیان خۆش نەویستوە یا گوڵ شین نەبوە !. نا ، هەتا بلێی خەڵک هۆگری گوڵ بوون و لە کوردستانیش، ئەوەی زۆر بۆە هەر گوڵی جوان ، بۆنخۆش و رازاوە بوە. تەواوی هۆنراوە خاوەن ساحێب و بێ ساحێب (فۆلکلۆری) ەکانیش شایەدی ئەم باسەن. بۆ وێنە ماموەستا گۆرانی هۆگری گەشتی هەورامان، لە زمانی گەورە کچەکەی لای سەرچۆپیوە، دفەرموێ :

گوڵ نەبێ بۆ سەرم، ئاڵ چەپکێ. سوور چەپکێ نایەم بۆ زەماون، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ

یا بە قەولی پیاوێکی قسە خۆش " بۆ خۆم دەڵێم !"

١-

گوڵاڵەی سووری ئەم هەردە، لە کێو و دەشت ودەر ، دەردێ دروشمی نەخەشی خوێنینی شەهیدانم ئەنەخشێنی
تکەی سێڵاوی ئەسرینم، لە مانگی خاکە لێوەی گوڵ سەری سەد خەڵفی سەربەستی، لەژێرخۆڵا ودەر دێنێ
لە قیبلەی قنجی قەندیلە و هەتا سەر سوجدەگاهی من فریشتە سەف ئەکێشێت و مەلایک عەتر ئەپڕژێنێ
ئەوێنی پەرچەم و خاڵی وەنەوشەی ئەزمەر و شاهۆ بەڵێنی وەسڵەتی پێیە و دڵی سۆرا ن ئەلاوێنێ

٢-

گوڵاڵە سوورەی ئەم خاکە جوانە پەرچەم هەڵئەدەن لەم کوردستانە
لە ژێر ئاڵایا، پەپوولەی هەژار داوەت ئەگێڕن، میلیۆن و هەزار
بەرەو نەورۆزە، شایی و سەیرانە لە کۆلی ئەدەن، خێڵی پەروانە
سەدەی بیست ویەک، هەزارەی سێیە دڵنیام مافی کوردیشی پێیە

کە ئەو نموونە شێعرە نوێ و کلاسیکە خاوەندارانەی سەرەوە، نیشانی دەدەن،گەلی کورد چەندێک گوڵی خۆشدەوێ و چەند گوڵی جوانیش لەم هەرێمە بوە.

لە لایەکی دیکشەوە، لە هۆنراوەی فۆلکلۆر(بێ خاوەن)ی کوردیشدا، دەڵێ :

وەنەوشەم دەچنی مەڵۆ بە مەڵۆ خەڵکی پێی شاد بوون، منیش رەنجەڕۆ
شەرتە گوڵی کەس نەکەم بە بۆوە تا گوڵم بۆ دێ، لە خزمەت تۆوە

بەڵام هەر وەک لە هەر جێگەیەک بێستان هەیە - چەقەڵیش هەیە -، لە هەر شوێنێکش گوڵ و گوڵخۆشەویست هەیە - شەختەش هەیە و دەبێتە ملۆزم و گوڵ و گوڵۆکان قەلاچۆ دەکا.

هەر بۆیە زۆر جاران، ئێمەی گوڵویست،لەتاوی بێ گوڵی - لە جێی گوڵ، دڕو گوڵچین دەکەین. داڵی کەرخۆریش، خۆمان لێ دەکاتە بولبولی هەزار دەستان.

قسە هەزارە و یەکی بەکارە !:

***پێویستە گوڵخانەیەکی سەربەستی خۆمانمام ببێ،تا شەختەی تاڵانگەری بیانی گوڵەکان نەژاکێنێ، دەنا بەشمان هەر گوڵچین کردنی دڕوە !. بە قەولی ماموەستا ئەحمەد موختار، قسەش نا چێتە نێو گیرفانەوە ! وانیە ؟***

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت